# کوردە سەیرانکەرەکانی دوای ڕاپەڕین، لە دیدی قادری ئەلیاسییەوە

هونەرمەندی دەنگ زوڵاڵی کورد بەڕێز کاک قادری ئەلیاسیی دوێنێ لە وەڵامێکیدا بۆ بەڕێز بورهان مەجیدی هونەرمەند بە دەربڕینی هەندێ وشەی ڕەخنەییی تەواو سەرسامی کردم، بەوەی چۆن هونەرمەندێکی وەک بەڕێزی بەوشێوەیە لێکدانەوەی بیروڕاکانی خۆی بە لاڕێدا دەبات. بەڕێز بورهان مەجید ڕەخنە لە هونەری مۆسیقیی و گۆانیی کوردیی دەگرێت لە بنیاتە کۆمەڵایەتییە کوردییەکانی ئەوروپاوە، بەوەی کە بوونیەتی هونەری مۆسیقیی و گۆرانییان لەدەستداوە. دیارە ئەمەش وەک کاری ڕەخنە دروستە بۆ ئەوەی ئەو لاوە تازە دەرکەوتووانە کەمێک بە هونەرەکەیاندا بچنەوە و داهاتێکی لەبارتر بۆ مۆسیقای کوردیی بێننە کایەوە. بەڵام نەگ بەو شێوەیەی هەموو گۆرانیی بێژێکی تازە هەڵکەوتووی ئەوروپایان لا پەسەند نەبێت بەوەی لە کلیپەکانیاندا کەمێک تازەگەرییان هێناوەتە نێو گۆرانیی کوردییەوە. مەخابن من بەو شێوەیە نەمدەزانی کە بەڕێز کاک قادری ئەلیاسیی دەنگی ئەو لاوانەی ئەوروپا بە نارەسەن دەزانێت و بە دووریاندەکاتەوە لە دابونەریتی کوردەوارییی، دەکرا کاک قادری ئەلیاسیی لە بری وشەی نارەسەن وەدوویی وشەیەکی دی چووبا نەگ لەم کونجەدا خۆی دیل بکردایە، پێموایە کە زمانی کوردیی زمانێکی دەوڵەمەندە و دەتوانرا وشەیەکی دی بخرایە بری وشەی نارەسەن. لە خاڵێکی تردا کاک قادری ئەلیاسیی دەیەژێت، ئەو گۆرانیی بێژە تازانە لە بری ئەوەی کیژێکی نەشمیلی کوردیان بخستایە کلیپەکانیانەوە چوون کووتکەیەکیان هاوردووە. مەخابن کە ئەم بۆچوونە دوورە لە هەموو نەریتێکی مرۆڤایەتییەوە،کە مرۆڤ بەرانبەرەکەی خۆی بە کووتکە تەژبیە بکات تەنها لەبەر ئەوەی ڕەنگێکی تری هەیە و شێوەیەکی تری هەیە و زمانێکی تری هەیە. ڕاستە ئێمە گەلێکی ژێردەستەین بەڵام مرۆڤ دەشێت تەنها دوژمنەکەی بە چاوی ڕەقیب و ناحەز تەماشا بکات. پێموایە ئەو کیژانە هەموو زانیویانە بۆچی دێنە ئەو کلیپەوە و زانیویشیانە ئەو زمان و مۆسیقا و گۆرانیییانە هی کوردن، لەگەڵ ئەوەشدا هاتوون بەشدار بوون، جا ئەگەر بە بەرانبەر بووبێت یان بە ویستێکی خۆییی. دیسان بەڕێز قادری ئەلیاسیی لەسەری دەڕوات و ئەو کیژە ئەوروپییانە بە ناشرین و سیپاڵ بێگانە ناودەبات، بەشبەحاڵی خۆم هەتا ئێستا کیژێکی ئەوروپیی ناشرینم لە کلیپێکی کوردییدا نەدیوە، پاشانیش مەرج نییە هەموو ئەوروپییەک و هەموو کوردێکیش جوان و شۆخ بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بۆچوونە ڕاسیستیانەی بەڕێز کاک قادری ئەلیاسیی بەرانبەر مرۆڤی ئەوروپیی کارێکی نادروستە چونکە هیچ نەبێت خۆی وەک پەنابەرێک لەژێر ساباتی وڵاتێکی ئەسکەندەنافییدا دەگوزەرێت، پێویستە چاوێکی بەقا بەوەدا هەڵبهێنێت کە خاکی ئەو کیژە ناشرین و سیپاڵ بێگانانە بستە زەمینێکی حەوانەوە و ئازادییان بە کاک قادری ئەلیاسیی بەخشیوە. لە خاڵێکی دیکەی تردا کاک قادری ئەلیاسیی سووکایەتی بەو کوردانەوە دەکات کە لە دوای دەروازەی ڕاپەڕینەوە ڕوویانکردۆتە هەندەران و بە سەیرانکەریان ناودەبات. دەگمەن شک دەبەم

له کوردەکانی دوای ڕاپەڕیندا سەیرانکەر بن، چونکە کەسێک دەچێت بۆ سەیران کە تێر و دڵخۆش بێت. بەڵام زۆرینەی ئەو کوردانەی دوای ڕاپەڕین بە کولەمەرگیی هاتوونەتە هەندەران و سەدانیشیان لە ڕێگادا ڕەقبوونەتەوە یان وەبەر گوللەی ژەندرمە و پاسدار کەوتوون، ئەوانەشیان کە گەیشتوونەتە هەندەران توانیوویانە چ کەسوکاری خۆیان لە هەڕەشەی مەرگی برسێتی ڕزگار بکەن چ ژێر خانی وڵاتێکی کاولکراو پتەو بکەن. هەر ئەو کوردانەی دوای ڕاپەڕینن ئەو وڵاتەیان لە مردن ڕزگارکردووە، هەر ڕەنجی ماندووبوونی کوردەکانی دوای ڕاپەڕینن سەدان دەستی یارمەتییان بۆ چەندین دامودەزگای دەوڵەت و باری ئابووریی کوردستان درێژکردووە. ئەوەی هونەرمەندیش نەبووبێت بەشبەحاڵی خۆی لە بوارێکدا دڵسۆزی خاک و ئاوەکەی خۆی بووە، لە بۆنەکانی هەڵەبجە و ئەنفال دا لە خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری ئەوروپا دا، کاتی دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆج ئالان. لە کاتی هێرشی تورکیا بۆ سەرخاکی کوردستان، خۆپیشاندانە گەورەکانی بروکسل فەڕەنسا فرانکفورت و سدنی و ... هتد. سەرەڕای ئەوەش چەندینەی ئەو کوردانەی دوای ڕاپەڕین دوای ئەوەی ڕۆژانە هەشت بۆ "دە" کاتژمێر بە کارکردنەوە بەسەر دەبەن لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم هێشتا لە کوردەکانی ناوەوەی وڵات چالاکترن لە بواری ڕووناکبیریی و نووسیندا چونکە ئەو ماوە کورتەی بۆ ژیانی خۆیان دەمێنێتەوە بە کاری نووسین و ڕووناکبیریی و دڵسۆزیی نەتەوەییی‌یەوە بەسەری دەبەن لەژێر ساباتی هەندەران دا ئەو هەندەرانەی پەناهەندەییی بە من و بە کاک قادری ئەلیاسیی و بە هەمووومان داوە و ئێمەش ڕۆڵەکانیان بە کووتکە ناودەبەین.

پۆلا سەعید
21.11.03